www.kurdistannet.org
26-4-2006 20:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

من شەرەف لە ناو لاقدا نابینمەوە!! ... تاڤگەسابیر

پرسی کوشتن بەپاساوی شەرەف وناموس پارێزی، ئەوپرسە گرنگ وهەستیارەیەکە بە هۆیەوە چەندان ژن و کچ بوونەتە قوربانی، هەروەها دەیان ڕووداوی تراژیدی و کارەسات ئامێزی لێکەوتۆتەوە. تەنانەت ئەگەر بێتو گرنگترینی ئەو ڕووداو کارەساتانە بخەیتە ڕوو، ئەوا لە ژمارە نایەن و دەیەها ڕووداوی شەرم هێنەر و دڵتەزێن لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەدی دەکرێت. کوشتنی ئافرەتی کورد بەبیانووی شەرەف و ناموسپارێزی تەنها پرساریك نیە لە ناوەوەی وڵات بەدی بکرێت، بەڵکو چەندین کارەساتی لەم چەشنەش لە دەرەوەی کوردستانیش ڕوویداوە. لەدیاردە دیارەکانیش لەسوید وەک کوشتنی فاتیمە وپێلا، وە لە ناوەوەی کوردستانیش جیهان و ئیمان، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە لە کلتووری پیاو سالاری و توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا. دەستەواژەی شەرف، ئەو دەستەواژەیە کە تەنها لە فەرهەنگ وئەدەبیاتی عەشیرەتگەری بەرجەستە دەبێت. بۆیە من وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە، باوەڕم بەدەربڕینی ئەو ووشەیە نییە!. من شەرەف لە نێولاقدا نابینمەوە! بەڵکو لە کارو جەوهەری مرۆڤە پاك و بەویژدانەکاندا دەبینمەوە. بەڵام ڕووی پرسیارم دەکەمە هەموو پیاوەکان و باوەڕەکانیان، دەپرسم، ئایا کەسێك ئەگەر خوشك و دایکی نەبوو!، بەواتایەکی ترهیچ ئافرەتێک لە خانەوادەکەیدا نەبێت، چ شەرەفێک لە جەستەو ڕۆحیدا بەرجەستە دەبێت؟! لە بەرچی بەتەنها کچەکان دەبێت ببنە سەربەرزی بۆ باوک و براکانیان؟. باشە بۆ تەنها دەبێت کچ ببێتە سەربەرزی بۆ خێزان و عەشیرەتەکەی؟ تائێستا ئافرەتانی کورد بەبیانوی شەرەف لە ناودەبرێن و سوکایەتیان پێ دەکرێت. پێتان سەیرنەبێت کە هەندێك لە خێزانەکان کاتێك کۆنترۆڵی کچەکانیان لە دەست دەدەن، ئەوکات هەوڵ و کۆشش دەدەن بەفێلی جۆراو جۆر وا لە کچەکانیان بگەیەنن وباوەڕیان پێ بکەن تا دێنەوە ژێر کۆنترۆڵیان، ئەوجا بە سانایی دەیان کوژن. ڕۆژانە ئافرەتان ئەتك دەکرێن و سوکایەتییان پێدەکرێت، و بەدڕندانەترین شێوە مامەڵە یان لە تەکدا دەکرێت ولەناو دەبرێن. کەچی هیچ کەسێک خۆی بە خاوەنی ئێش و ئازارەکانیان نازانێت. لە کاتێکدا پێویستە مافپەروارەن و یاسا دۆستان تەماسێکی ڕۆحیان لەگەڵ ئاڕاستەکانی کچەکانی کوردا هەبێت. باشە ئەی خەڵکینە، ئێوە نابینان هەستان نییە! ناتوانن لەو ڕاستیانە بگەن ودەرک بەو کێشانە بکەن، یاخود پێدەچێت ئێوەی بەستەزمان کەرۆڵاڵ بن. سەیر لەوەدایە چەندین ڕووداوی تراژیدی و مەرگ ئامێز لە بارەی کوشتن و خۆسوتاندنی کچەکانمان ڕووەدات، کەچی ئێوە لێی بێ ئاگاو بێدەنگن. وابزانم یاسا بوەتە سفری پاش فاریزە، بۆیە ئەگەر یاسا هەبێت، ئەو مەرگەساتە ڕووناداتو ڕۆژانە گوڵی باخەکانی کچە کوردەکان هەڵناوەرێت. جێگەی داخە پەردەی پەنجەرەکانمان، بووەتە چارەنووسی کچەکانمان!! ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سونەتییە. چەندین دابونەریتی کۆنەپەرستی بااڵدەستە، کێشە کۆمەاڵیەتییەکانیان زیاتر قوڵ کردۆتەوە. دەربارەی میکانیزمی بەرەنگار بوونەوەی ئەودیاردە ناپەسەند و گەندەاڵنە، ئەو شێوازە هەرزانانە، دژایەتی کردنیان پێوستن. پێویستە ئەو دیاردە ناپەسەند و نارەوایانە ڕیشەکێش بکرێت. پێویستە ڕێخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان و ژنان ڕچاوی ئەو ئامارو ریکۆردانە بکەن، کە کوشتنی کچانی تێدا بەدی دەکرێت. ئەوان دەبێت لە نزیکەوە لەهەموو کەس زیاتر چاودێری ئەو ڕووداوانە بکەن و بەتەنگ چارەسەری دروستەوە بن.

سویدئەپریل 2006